# مامۆستا هەژار و وەرگێڕان

**کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

لە ژیانی ئەم بلیمەتە نادوێم و دێمە سەر باسی کارەکانی. لە کارەکانیشیدا، باسی شیعری نیشتمانپەروەری، حەماسی و کۆمەڵایەتی و ئەویندارانەی ئەوتان بۆ ناکەم و یەکڕاست لە وەرگێڕدراوەکانی ئەم هێژایە ورد دەبینەوە.

لە وەرگێڕانەکانی مامۆستا هەژاردا، وام بۆ دەردەکەوێ کە ئەم هێژایە ویستوویەتی بەم کارە شۆڕشێکی فیکری و ئەندێشەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا پێک بهێنێ. ئەوەشمان هەر لە وەرگێڕانی کارەکانی شەریعەتییەوە بۆ دەردەکەوێ، چونکە عەلی شەریعەتی و ئەندێشەی ئەو پیاوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە تەواوی هەوڵ و تەقەللای ژیانی، لانی کەم بۆ ڕێچکەیەک لە ڕووناکی، ڕۆچنەیەک بەرەو پانتاییەکی بەرین و خۆ دەرباز کردنێک، لە توند و تیژی و تەسکبیری بوو. شەریعەتی بەتایبەت لە «دایە، باوە، کێ خراوە؟»دا زۆر دەکۆشێ هەتا پرشنگی زانیاری بهاوێتە ناو کۆمەڵگا. ئەو دژی باوکسالاری و لاسایی کردنەوەی کوێرانە و بە ساویلکە زانینی خەڵک لە لایەن هێندێک لە خاوەن دەسەڵاتانی سیاسی و دینی و هەموو نەزانی و خورافاتێکدا وەکو پیرە مەگروون ڕاوەستا بوو. هەر بۆیە مامۆستا هەژار بۆ گەشە و نەشەکردنی ئەندێشەی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەی خۆی کە زۆر کەند و کۆسپ و لەمپەری لەڕێدا شین ببوو، وەک پزیشکێکی کارامە و لێزان، هانا دەباتە بەر وەرگێڕانی کارەکانی ئەم نووسەرە فارسە.

گەر لە وەرگێڕانی کارەکانی شەریعەتیش بترازێین و

بێینە سەر چوارینەکانی خەییام، ئەوە باشتر مەبەستەکەمان پێکاوە و ئامانجەکەمان ڕوونتر ڕاڤە کردووە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە مامۆستا هەژار بۆچی چوارینەکانی خەییامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی؟

ئەوە پیاوانی مەزنن مێژوو تۆمار دەکەن و هەلومەرجیشە، کە پیاوانی گەورەو لەکڵ دەرهاتوو ئاراستە دەکات. ئەگەر بە وردبینییەوە سەرنج بدەینە هەلومەرجی ئەو سەردەمەی خەییام و ئەو بارودۆخەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵی ئەو کاتدا کێشابوو، وەک ئەوە وایە کە مامۆستا هەژار و کۆمەڵگاکەیان کردبێتە تای دووەمی ئەو تەرازووەی کە خەییام تای یەکەمی بووە. جا چ لە باری زیرەکی و وشیاری کەسایەتییەکانیان و چ لەباری وەسفی کۆمەڵی ئەم دوو کەسایەتییەدا.

**زۆر کوڵکە مەلا و شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم**
**لایان هەڵەیە لە ژینی خۆشم بدوێم**
**خزمینە! نەزانی چ بەڵاییکی زلە**
**هاتوومە جیهان نابێ بزانم من کێم؟**

کەواتە دەتوانم بڵێم ئەوا مێژوو بۆ جارێکی تر خەییامێکی دیکەی لە کوردستاندا خولقاندووە. ڕاتزێل یەکێک لە جوگرافیازانانی زۆر گەرا (جبرگرا) بڕوای وایە کە لە پێک هێنان و بەدی هاتنی بۆچوون، خوو وخدە و.. ژینگە ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی هەیە. جوگرافیازانانی ژینگە گەرا (محیط گرایان) دەڵێن ئاو و هەوای تایبەت لەسەر مرۆ شوێن دادەنێ، بۆ وێنە ئەوان لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کۆمەڵانەی لە شوێنە ساردەکاندا هەڵکەوتوون، بزووتنەوەو هەوڵ و تەقەللایان زۆرترە، بە پێچەوانە شوێنی گەرم دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ تەوەزەل و کارنەکەر و خورافیبار بێت، ئەم جوگرافیازانانەی بۆ شوێنی گەرم، نموونە لە هیند دێننەوە کە گەرما لەو شوێنە تەوەزەلی بە دیاری هێناوە و هیندییەکانی بەرەو خورافات و سروشت پەرستی هان داوە. تەنانەت ئەم جوگرافیازانانە دەڵێن: ئەگەر بوودا لە شوێنێکی گەرمی وەک هیندوچین، نەهاتایەتە سەر زەوی، خەڵکی بەرەو هەوڵ و تەقەللا و کار و جووڵانەوە و تێکۆشانی بێ وچان هان نەدەدا.

شایەد باس و لێدوان لە تیۆری زۆر گەراکانی زانستی جوگرافیا، وابێتە بەرچاو کە وەرگێڕان یاخود ئەدەبیات چ پێوەندییەکی لەگەڵ ژینگە و ئاو و هەوادا هەیە؟ بەڵام کاتێ باس لە ژینگەی وەک یەک و هاوبەش دەکەین، بۆی هەیە بیر و بڕوایەکی وەک یەکیش سەرهەڵ دا. واتە کۆمەڵگای هەژار هەمان ئەو کۆسپانەی هەبووە کە کۆمەڵگای خەییام کاتی خۆی بوویەتی. ئەگەر ئەوتۆ لەمپەر و گیروگرفت گەلێک لەسەردەمی خەییامدا نەبووایە، بێ گومان خەییام ئەم چوارینانەی نەدەهۆندەوە، یان ڕەنگ بوو بە جۆرێکی تری هۆنیبایەتەوە (واتە کاکڵی بابەتەکانی شتێکی تر دەبوو.)

کاتێ هەر ئەم هەلومەرج و لەمپەرانەش لە زەمانی هەژاردا هەیە و دەبیندرێ و هەستی پێدەکرێ، هەژارێک سەر هەڵ دەدا کە خەییام ئاسایی لە حاندیاندا هەڵوێست دەگرێ و باشترین هەڵوێستیش بە لایەوە ئەمە بوو کە پەنا بەرێتە بەر ئەوتۆ چوارینە گەلێک، وەک ئەوەی کە بۆ دوو کەسی نەخۆشی دووچاری سیل، لە لایەن دوو پزیشکی تایبەت و لێهاتووەوە، دەوا و دەرمانێکی هاوبەش و وەک یەک بنووسرێت.

جا هەر لەم ڕۆچنەوە دەتوانین بچین بۆ زمانی شیعری چوارینەکانی خەییام بە کوردی. کاتێ فەزا و هەموو زەمینەکان دەستیان داوەتە دەست یەک بۆ ئەوەی کە هەژار لە خۆی ورد بێتەوە و هەزاران شەپۆلە پرسیار، بیریان وروژاندووە، چاوی تاسەی هەڵێناوە و لە هاوتا و هاودەردی خۆی ڕوانیوەو کەسیشی لە خەییام هاودەردتر نەبینیوە. هەر بۆیە تاسە و هەناسەی خۆی تێکەڵی خەییام کردووەو چووەتە ناخییەوە و غەوری زامە ئاشناکانی لاداوە، کە لە زامەکانی خۆی و نەتەوەکەی خۆی کردووە (کۆمەڵگا)، لە قوڕگی شمشاڵی هاوبەشی زمانا، جارێکی تر خەییامی هۆنیوەتەوە و کوڵی دڵی خۆی پێ ڕشتووە. هەر ئەم لێک تێگەیین و زامە هاوبەشانەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بە جوانی چوارینەکانی خەییام وەرگێڕێتەوە و هەژار لەم کارەدا بکاتە کەم وێنە، بە جۆرێکە، پەیام و مانا و فەلسەفە و هزری خەییامی گەورەی چێشتووە و دەری بڕیوەتەوەو پاراستوویە. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە بەر لە مامۆستا هەژار، زۆر شاعیر و خاوەن قەڵەمی وەک

مامۆستا یان: گۆران، شێخ نووری شێخ ساڵح، شێخ سەلام، بڕێک لەم چوارینانەیان وەرگێڕاونەتەوە کە پێویستە وێنەیەکیان بخەینە بەرچاو.

**این کهنه رباط را که عالم نام است**
**آرامگه ابلق صبح و شام است**
**بزمی است که وامانده صد جمشید است**
**گوری است که خوابگاه صد بهرام است**
خەییام

**ئەم کەلەوایە کە دنیای نامە**
**ئارامگەهی بەیانی و شامە**
**بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە**
**قەسرێکە تەکیەی سێ سەد بەهرامە**
شێخ سەلام

**ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە**
**لەسەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە**
**بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە**
**سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە**
گۆران

**ئەم کۆنە سەرا و پەردە کە دنیای ناوە**
**شایی لە بەرێ، شینە لە پێنسەد لاوە**
**ئەم خوانچەیە بەرماوی هەزار جەمشیدە**
**گۆڕەو گەلێ بارامی تیا نێژراوە**
هەژار

وەکو دەبینین هیچ کامیان نەیانگەیاندۆتە پلەی مامۆستا هەژار، کە هۆی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە سەر شێوەی وەرگێڕان و هونەری وەرگێڕان.

لەم بوارەدا هەژار بلبلێکی دەنگ خۆشی بۆ گۆشتەکەی سەرنەبڕیوە، بەڵکو گرتوویەتی، زمانی کوردی فێر کردووە، واتە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە خۆی بواردووە و ئەم چوارینانەی چێشتووە، بە ناخیاندا ڕۆچووە و دواتر ماکی چوارینەکانی لەگەڵ ڕاڤە و تەئویلی خۆیدا تێکەڵی کردووە و بەبێ زایەکردن و لەناوبردنی کێش، دایڕشتوونەتەوە، کە ئەمەش گەورەیی هونەری وەرگێڕانە و (بەتایبەت لە شیعردا) ئەوە دەگەیەنێ کە هەژار لە هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا، بە چڕوپڕی شارەزا و خاوەن دەسەڵات بووە، کە شایەد یەکێ لە هۆیەکانی ئەم دەسەڵاتە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەوەی کە ئەم هێژایە فەرهەنگی وشەی هەنبانەبۆرینەی نووسیوە کە لە حاند هەر وشە و ناو و دەستەواژەیەکی کوردیدا، فارسییەکەشی داناوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە وەرگێڕانی ئەم چوارینانەشدا وەک وەرگێڕی کارەکانی شەریعەتی، مەبەستی مامۆستا هەژار ئەوەبووە کە کۆمەڵگای کوردی سەردەمی خۆی لەگەڵ بیر و هزری پڕ لە گەشە و فەلسەفەیی خەییام ئاشنا بکات.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەمزی سەرکەوتن و گەورەیی وەرگێڕدراوی چوارینەکانی خەییام لە چوار خاڵدایە:

١- فەلسەفە و ماکی پەیامی پاراستووە.

٢- ڕاتزێل گوتەنی، ژینگەی هاوبەش لە پێکەوە لکاندن و تێڕامانیاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

٣- بە پێچەوانەی مامۆستا گۆران و شێخ سەلام لە وەرگێڕانی سەربەخۆ و ئازاد کەڵکی وەرگرتووە و کێشی چوارینەکانی پاراستووە.

٤- بەسەر هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا شارەزا و زاڵ بووە.